




# میدیای کوردی، یان خۆرەی زمانی کوردی؟

مستەفا شێخە

دوای سەرهەڵدانی جۆرەکانی ئامێری ڕاگەیاندن لە کوردستان، زمانیش وەک کەرەستەی هەرە سەرەکی گێڕانەوە و ڕاگەیاندن، زۆر زیاتر لە پێشوو خەریکی خۆ نواندنە.

زمان ئامێری گواستنەوەی نیشانەکان و کەرەستەی دەربڕینی ماناکانە. زۆربەی نیشانە و ماناکانیش لە نێوان گەلاندا هاوبەشن، بەڵام تێگەیشتن و پەروەردەبوونی فەرهەنگی هەر نەتەوەیەک لەچوارچێوەی بوونی نەتەوەکەدا گەشەی کردووە. سەرەڕای ئەوەی مرۆڤایەتی بە گشتی خاوەنی فەرهەنگێکی هاوبەشە، نەتەوە جیاوازەکانیش خاوەنی فەرهەنگی جودای خۆیانن و بە هۆی کەرەستەی زمانەوە نیشانە و ماناکانی نێو فەرهەنگی خۆیان پاراستووە. زمانی هەر نەتەوەیەک لە سەر ڕەگ و پنجی خۆی گەشەی کردووە، ئەگەر چی زمانەکان یارمەتی یەکتری دەدەن و وشە و زاراوە لەیەکتر وەردەگرن، بەڵام هەر کامیان خاوەنی تایبەتمەندیی جودای خۆیانن.

لە دراوسێتی ئێمە زمانی دەوڵەمەندی عەرەبی لە سەر ڕەگ و پنجی خۆی بەردەوام خەریکی گەشەکردن و گۆڕانە. زمانی فارسی بەم هەموو قەرزوقۆڵەی لە زمانی عەرەبی کردووە، بەڵام خاوەنی ڕێزمان و داڕشتنی تایبەت بە خۆیەتی و لەسەر بنەمای خۆی لەگەڵ زانستی نوێ هەنگاو دەنێت. زمانی تورکیش لەکاتێدا وەک چێشتی مجێور و حەوت ترینگە، وشە و دەستەواژەی زمانی نەتەوەکانی دوور و نزیکی تێدا کۆبووەتەوە، هەروا بەردەوامە.

بەڵام زمانی کوردی لە کاتێکدا لەم ناوچەیە لە زمانی عەرەبی نەبێت، لە هەموو زمانەکانی دیکە زیاتر خاوەنی ڕابوردووی خۆیەتی و بە چەندان زار و بن زاری جۆراوجۆرەوە کۆگای گەورەی وشە و کەرەستەی دەبڕینی ماناکانە، بەڵام خەریکە بە دەستی میدیاکارانی کوردەوە پارچە پارچە دەبێت. ئەو زمانانەی باسمان کردن، بە تایبەت فارسی و تورکی پڕ لە وشە و دەستەواژەی بێگانەن و ڕێزمانیان وەک شیرازەی سەرەکیی زمان پارێزراوە.

لە کوردستان بە هۆی نەبوونی نێوەند و ئەکادیمیای پسپۆڕ و لێهاتووی زمان و فرەیی میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و نەبوونی کەسانی زمانزان لەم میدیایانەدا شیرازەی زمان لەبەر یەک هەڵدەوەشێتەوە. ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەی لە زمانەکانی دیکەوە دەکرێنە کوردی، هەر لەسەر ڕێزمان و داڕشتنی زمانی یەکەمەوە بە کوردییەکی سەقەت دەنووسرێنەوە، دەیان کەرەستەی ڕاگەیاندنی دیکە بە چاوی بەستراوەوە لەبەریان دەگرنەوە و دەکەونە بەر گوێ و چاوی بیسەر و بینەری کورد، ئەمەش وایکردووە ئێستا ڕێزمانی کوردیمان بووەتە چێشتی مجێور و مجێورەکەش کۆی ڕاگەیاندنی کوردییە کە وەک گەدا و سواڵکەر چێشتێکی تێکەڵاو لە بەرماوەی عەرەب و فارس و تورک و زمانی خاوەن دەسەڵاتەکانی دیکە وەردەگرێت و دەرخواردی بەردەنگی کوردی دەدات.

ئەگەر مەودا هەبێ لە لەنگەرێکی گەورەتردا، دەکرێ بە وردی درێژە بە ئەم باسە بدرێت، بەڵام لەم سووکە لەنگەرەدا وا باشە گۆڤاری (ڕامان)مان لە یاد نەچێت و لە گەمارۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیدا بە نووسەرانی دەست ڕەنگین و کاربەدەستانی ڕامان بڵێین ئێوە دژی خۆرەی زمانی کوردین و هەر بەم جۆرە بەردەوام بن.